سەرۆک وەزیران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا دانپێدانانی وەاتەکەی بە دەوڵەتی فەلەستین بەرز نرخاند

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک وەزیری ئیسپانیا پێدرۆ سانچێز ئەنجامدا و تیایدا هەوڵستی ئیسپانیا و هەنگاوە گرنگەکەی بەرز نرخاند لە دانان بە دەوڵەتی فەلەستین و پێزانینی خۆی دەربڕی بە پشتگیری و پشتیوانییەکانی حکومەتی ئیسپانیا بە دەزی فەلەستین و ئیدانە کردنی هەرشەکانی دژ بە خەڵکی بێتاوان لە غەزە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە لە میانەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو هەوڵستانەی لەلایەن وەاتانی گەورەوە گیراونەتەبەر، کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر بەگریکردن لە دوژمنکاری و جینەساید کردن، کە بە شێوەیەکی دندانە و بە ویژدانانە دژی فەلەستینییەکان ئەنجام دەدرێت و بەزنەگرتن لە یاسا نێودەوڵەتی و مرۆییەکان، هەروەها جەختی لە گرنیدانی عەراق کردەوە لە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا و پەویستی دوورکەوتنەوە لە هەموو هەکارەکانی فراوانبوونی ململانێکان.

سەرۆکی ئەنجومەنیوەزیران خواستی عەراقی بە هاوتا ئیسپانییەکەی ڕوونکردەوە بە بنیاتنانی هاوبەشییەکی ستراتیژی لەگەڵ ئیسپانیا و بەشداریکردنی کەمپانیا تایبەتمەندەکان لە ڕێنیسانسی

شارستانی و گەشەپەدان کە عەراق و ژینگەیەکی سەرنجڕاکێش بە وەبەرهێنان بەخەدەبینێت، هەروەها بەردەوامبوون لە پەیوەندییە دوو قەیەکان لە چەندین بواردا.

لە لای خۆیەوە، سانچێز بانگهێشتنامەکەی بە بەڕێز سودانی نوێکردەوە بە سەردانیکردنی ئیسپانیا بەمەبەستی گفتوگۆکردنی زیاتر لەسەر دەسیە دوو قەیەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکان، بە شێوەیەک کە هاوبەشییەکە بەهێزتر بکات و بەشدار بێت لە پرۆپەدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.